وەزیری دەرەوەی سوریا لە نیویۆرکەوە: ناکۆکیمان لەگەڵ عێراقدا نییە

ئەسعەد شەیبانی وەزیری دەرەوەی سوریا ئەمڕۆ هەینی دووپاتیکردەوە کە هیچ ناکۆکییەک لە نێوان سوریا و عێراقدا نییە، بۆ لابەرچاوگرتنی ئەوەی هەردوو وڵات هەڕەشەی هاوبەشیان هەیە کە دەتوانرێت لە ڕەگەڵی هاوکارییەوە چارەسەر بکرێن.

شەیبانی لە وتارێکدا دوای بەشداریکردنی لە هەڵکردنی ئاڵای نوێی سوریا لە بەردەم بینای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک وتی: لە ئێستادا هیچ ناکۆکییەکمان لەگەڵ عێراقدا نییە، هەڕەشەی هاوبەشیشمان هەیە کە هیوادارین لە ڕەگەڵی هاوکارییەوە چارەسەری بکەین.

ئاماژەی بەوەشکرد، "سوریا دەستی بە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەیی وڵایە و بەرژەوەندی هاوبەشی زۆر لەگەڵ عێراق هەیە".

لە پێشهاتێکی پێوەندیداردا، شاندێکی حکومەتی عێراق بە سەرکایەتیی سەرکی دەزگای هەواڵگری ئەمڕۆ هەینی سەردانی دیمەشقی کرد بۆ تاوتوێکردنی هاریکاری ئەمنی و ئابووری.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران، لەژێر ڕێنمایی محەمەد شیاع سودانی شاندێکی فەرمی حکومەتی عێراق بە سەرکایەتی حەمید شەتری سەرکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی، گەیشتە دیمەشقی پایتەختی سوریا بۆ دیدار لەگەڵ ئەحمەد شەرع سەرکی

کەماری عەرەبی سوریا و ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتی ئەو وڵاتە.

ئاماژە بەوەشکراوە، شاندی فەرمی حکومەتی عێراق لە بەرپرسانی فەرماندەیی هێزە سنوریيەکان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتەکانی نەوت و بازرگانی و دەستەی دەروازە سنوریيەکان پێکدێت.

ئەوەشخراوەتەڕو، شاندەکەی عێراق لەگەڵ لایەنی سوریا هاوکاری لە بواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی پەیوەست بە دەستەبەرکردنی کەرتی سنوری هاوبەش و بەهێزکردنیان تاوتوێدەکەن لە بەرامبەر هەر پێشێلکارییەک یان هەڕەشەیەکی ئەگەری و فراوانکردنی دەرفەتەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە بەرژەوەندی هەردو گەلی برادا، جگە لە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری نەژەنکردنەوەی بڕییەکانی عێراق بە گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی خاکی سوریاوە بۆ ئەو وڵاتە بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، گفتوگۆکانی شاندی عێراق لە دیمەشق دوپاتکردنەوەی پشتیوانی و پابەندبونی عێراق دەبن بە یەکێزی و سەروەری خاکی سوریا و گرنگی سەقامگیریی سوریا بۆ ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و ئاسایشی ناوچەکە.